# فیمینیزم: وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

فیمینستەکان چۆن دەڕواننە سروشتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان؟ ئایا دەکرێت لە بابەتە سیاسییە گرینگەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەست بە رەهەندی لایەنەگیری جێندەری بکرێت، لەوانە جەنگ و دیپلۆماسیەت و سیاسەتی دەرەوە؟ ئایا قسەکردن لەسەر بابەتی جێندەر دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش؟ ئەو باسە جەخت لەسەر ئەوە دەکات هاتنە ناوەی فیمینیستەکان بۆ نێو لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بووەتە دەوڵەمەند کردنی خودی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش، لە رێگای فراوان کردنی ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئێمە بۆ جیهانی سیاسەت. لەو باسەدا فیمینیزم و جێندەر لە جیهانی سیاسەت، هەروەها رێبازە جیاوازەکانی فیمینیزم روونکراوەتەوە، دواتر پەیوەندیی نێوان جەنگ و ئاسایش و جێندەر ئاماژەی پێدراوە.

## پێشەکی: بە جێندەرکردنی ئاسایش

لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، فیمینیستەکان دەستیان کرد بە رەخنە گرتن لە تیۆرە کلاسیکیەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش. رەخنەی فیمینیستەکان لە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەچێتە خانەی تیۆری رەخنەییەوە، لەوە سەرچاوەیان گرتووە جیاوازی جێندەر هەیە لە پرۆسەی پیادە کردن و وێناندن و تیۆرێزە کردنی ئاسایش. پرسیاری سەرەکی فیمینیستەکان بریتی بوو لە ئاسایشی کێ؟ whose security، هەروەها هەرەشەکانی ئاسایش چین؟ بەو شێوەیە زۆر بەهێز هاتنە نێو بابەتی ئاسایشەوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان بوونە هۆی دووبارە پێداچوونە بە کۆمەڵێک چەمکی پەیوەندداربە ئاسایش، لەوانە چەمکی سەروەری دەوڵەت. هەرکە تیۆری فیمیمینیزم پەرەی سەند، رێڕەوی خۆی لە جەخت کردن بە تەنها لەسەر بابەتی نایەکسانی و جیاکاری رەگەزی لە کاری رۆژانەی ئافرەت لە کۆمەڵگا جیاوازەکان گۆڕی، بۆ دەست پێکردن بە لێکۆڵینەوە لەسەرناسنامەی جێندەرو چۆن ناسنامەی جێندەرکاریگەری لەسەرداڕشتنی ئەجێندای بریاردەرانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەبێت.

فیمینیستە دیارەکانی وەکو سپایک پیتەرسۆن و ئان سیسۆن رونیان (٢٠٠٩) گفت و گۆی ئەوەیان دەکرد تیۆرە باوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕوانگە و بەریانی بیرکردنەوەی ئێمەیان خستۆتە سەرکۆمەڵێک بابەت، وە لەسەرکۆمەڵێک بابەتیش دووری خستووینەتەوە. بۆنموونە، تیۆرە باوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەرلە کلاسیک ونوێدا گرینگییان بە "دەوڵەوت" داوە لە جێگەی گرینگیدان بە "خەڵک". بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ روانگەیەکی فیمینیستی هەوڵی ئاراستە کردنی

هەموو لایەنەکان بۆ سەریەک بابەت نادات. هەرروانگەیەکی فیمینیستیانە هەوڵی ئەوە دەدا سەرنجی ئێمە لە چەندین ڕێگای جیاوازەوە بۆ بیرکردنەوە لە بابەتی جێندەرڕابکێشێت.

فیمینیزم، بە کوورتی، دەکرێت بناسرێت وەکو کاری کۆمەڵێک چالاکوان و تیۆریزانەکانی بواری ئافرەت بۆ جەخت کردنە سەررۆڵی جێندەرلە جیهانی سیاسەت. بابەتی سەرەکی فیمینیزم بریتییە لە رەخنە گرتن و بیرکردنەوە لە زەرورەتی گۆڕانکاری کردن لە سیستەمی ئێستا بە تایبەت لە پەیوەندیی نێوان 'جێندەر' و 'هێز'. فیمینیزم لە روانگەی سێنتیا ئینلۆیدا (٢٠٠٧: ٩٩)، بریتییە لە کۆمەڵەیەک تێگەیشتنی ئالۆز، بە ئامانجی روونکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی 'پەیوەندییەکانی هێز' لە جیهانی سیاسەتدا؛ چۆن هێزرەوایەتی وەردەگرێت ووە چۆن بەردەوامی پێدەدرێت'.

لە راستیدا رێبازە جیاوازەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر سروشتی مانای جێندەر. جێندەر بریتی نییە لە ژن و پیاو یا نێر و مێ، بەڵکوو مانایەکی کۆمەڵایەتییە بەستراوەتەوە بە جەستەی یەکێکەوە. جێندەر بریتییە لەو کارانەی ئێمە رۆژانە دەیکەین. بە جێندەرکردنی ئاسایش بە مانای گرینگیدانە بەو هزر و تێگەیشتنانەی بەستراونەتەوە بە جەستەی نێر و مێ. " ئەو گریمانانەی لەسەر جەستە هەن، لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوە و مومارەسەکانی سیاسەتی جیهانی هەیە، چونکە سیاسەتی جیهانی لە رێگای بە جێندەرکردنی جەستەوە دەخوێندرێت و مومارەسە دەکرێت' (شیپەرد، ٢٠١٠: ٦).

تیشک خستنە سەرپەیوەندیی نێوان جێندەروپەیوەندییەکانی هێززۆربە ووردی لەلایەن کارۆل کۆهن و فیلیسیتی هێل و سارا رودیک کاری لەسەرکراوە:

> ***جێندەر تەنها پەیوەست نییە بە ناسنامەی کەسیەتی یاخود ئەوەی کە کۆمەڵگا پێیوایە دەبێ پیاو، ژن، کوڕ وکچ چۆن بن. جێندەرهەروەها بریتییە لە رێگای دروست کردنی پەیوەندییەکانی هێز، یا پەیوەندییەکانی هێزلە نێوان خێزانەکاندا پیاوی بە شێوەیەک وێنا کردووە کە دەبێ سەرۆکی خێزان بێ، یا لە کۆمەڵگاکاندا پیاو دەبێ ئەوکەسە بێ هەموو کایە و بوارەکانی ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی و هەر فۆرمێکی هێزی کلتوری لە ژێر دەستی دابێت. ئەو دوو دیاردەیە، 'ناسنامەی کەسیەتی' و 'بونیادەکانی هێز'، بە شێوەیەکی زۆرگەورە بەیەکەوە گرێدراون. بەوشێوەیە ئەوە مانا وخەسڵەتە دروستکراوەکان ووابەستەی کلتوریانەی چەمکی پیاوانەیە بووەتە هۆی بە***

*سروشتی ئاساندنی ئەو بیرۆکەیەی پێیوایە پیاو دەبێت هێزی ئەوەی هەبێت فەرمانرەوایی خێزان و کۆمەڵگاکان بکات'.*

## *فیمینیزم و فراوانکردنی ئاسایش*

**ستیڤان واڵت رەخنە لە لەخۆگرتنی بابەتی جێندەر دەگرێت و لە دژی فراوانکردنی مانا و چوارچێوەی ئاسایشە. پێیوایە هاتنی بابەتی جێندەر بو نێو بابەتی خوێندنی ئاسایش دەبێتە هۆی لەدەستدان یەکگیری و یەکیەتی بابەتیانەی خوێندنی ئاسایش. مشت و مرِی ئەوە دەکات هێشا ناوەرۆکی بابەتی ئاسایش بریتییە لە تیشک خستنە سەر بابەتی جەنگ و هێزی سەربازی (واڵت، ١٩٩١: ٢١٠). بۆیە چەمکی ئاسایش رووبەرِووی زۆرترین رەخنەی فیمینیستەکان بووەتەوە. پرسیاری ئەوەیان دەکرد *ئاسایش بۆ کێیە؟* ئایا دەکرێت ئاسایش بە دەست بهێندرێت لە رێگای پشت بەستن بە رێبازە کلاسیکییەکانی ریالیزم؟ چەمکی ئاسایش واتای چی دەگەیەنێت؟ ئایا ئاسایش سنووردارکراوە بۆ وەستانەوە لە بەرامبەرهەرەشە دەرەکییەکان بۆ سەرولات، کە تاک تیایدا هاووڵاتی ئەووڵاتەیە؟.**

**فیمینیستەکان زیاترجەخت دەکەنە سەرئەودۆخەی چۆن جێندەردەبێتە دروستکراوی خودی ئاسایش یا نائاسایش، یاخود جەخت دەکەنە سەرئەورێگایانەی کە چۆن خودی ئاسایش دروستکراوی جێندەر دەبێت (ڤایۆت و کاوپی، ٢٠١٠: ٣٧٧). هەندێک لە فیمینیستەکان کاریان لەسەر روون کردنەوەی چۆنیەتی راپەراندنی کاری نێوەندە توێژینەوەییەکانی بواری ئاسایشی و ستراتیژیەتی نەتەوەیی و بەرنامەی وزەی ئەتۆمی و چەکە کوشندەکان و بریارەکانی سیاسەتی دەرەوە دەکرد، بۆ پەردە لادان لەسەرچۆنیەتی کاریگەری بابەتەکانی جێندەرلەسەرکارکردنی ئەو پرۆسانە. رەهەندی سیمبۆلیانەی جێندەرزۆربەرونی لە گووتاری لایەنە سەربازی و بەرگرییەکانی وڵات دەردەکەوێت، بە تایبەت لە وێنا کردنی ئەوانی دیکە بە بەکارهێنانی ئاماژەی جێندەربۆدەرخستنی بە هێزی ولاوازی لایەنێک. بۆ نموونە، "کاتێک لە هیندستان پێنج دەزگای ئەتۆمی ئەو وڵاتە تەقییەوە لە ساڵی ١٩٩٨دا، سەرکردەی ناسیۆنالیستی هیندی (بەلاشیب تاکێرای) گووتی: 'ئێمە پێویستە بیسەلمێنین ناپیاوانە نین. لەهەمان کاتدا لە یەکێک لە کاریکاتێرەکانی رۆژنامەیەکی هیندی، وێنەی سەرۆک وەزیرانی هیندستانی (ئاتال بەهاری فاجبایی) کێشابوو، حکومەتە هاوپەیمانیەتیەکەی هەڵگرتبوو بە بۆمبێکی ئەتۆمی دروستکراو لە مادەی ڤیاگراوە. ئەوجۆرە وێنانە پشت دەبەستنە سەرمیتافۆریایەیەکی بەربڵاوی هاوکێشەی هێزی سەربازی و سیاسی لەگەڵ توانستی سێکچوالیێتی و پیاوەتی' (کارۆڵ، هیل ورۆدیک، ٢٠٠٥: ٣).**

## بابەت و ڕەخنە سەرەکییەکانی فیمینیزم

**فیمینیزم ڕەخنەی خۆی لە دژی چەمک و تیۆرە باوەکانی ئاسایش بە کورتی لە چوار خاڵی سەرەکیدا کۆ دەکاتەوە:**

**یەکەم: خوێندنی زانستیانە بۆ جیهانی سیاسەت: تیۆرە باوەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بە تایبەت نیو ریالیزم، جەختیان کردۆتە سەر خوێندنی زانستیانەی جیهانی سیاسەت، هەوڵی ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری وڵاتان لە سیستەمی نێونەتەوەیی دەدەن بە گەڕانەوە بۆ یاسا گەردوونی و بابەتەکییەکان. لە بەرامبەردا، فیمینیستەکان گوومان و پرسیاریان خستە سەر ڕاستی و دروستی ئەو یاسا گەردوونیانە کە تیۆرە باوەکان کردبوویانە سەرچاوەی گریمانەی تیۆرەکانیان. سپایک پیتەرسۆن (١٥:٢٠٠٩) تێبینی ئەوەی کردووە لایەنگیریەکی 'پیاوانە'ی ئاشکرا لەسەرشۆڕشی زانستیانەی سەدەی هەڤدەیەم هەیە، زانست و عەقڵ و مەنتیق بە کار و سیفەتی پیاو هەژمارکراوە، لەبەرامبەریشدا، ناعەقڵانی و هەست و سۆز بە کاری ئافرەتەوە بەسترابوونەوە. بە هەمان شێوەی کۆنستراکتیڤیستەکان، فیمینیستەکان جەختیان لەسەر ڕۆڵی ناسنامە و شوناس دەکردەوە لە پرۆسەی بەرهەمێنانی مەعریفەتدا، هەروەها زۆر بەتوندی ڕەخنەی ئەوەیان دەگرت بابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بۆ ڕوونکردنەوەی کێشە و بابەتە نێونەتەوەییەکان زۆر بە ئاشکرایی پشتی بە ئەزموونی نێرینەوە بەستووە.**

**دووەم: لایەنگیری جێندەریانە: فیمینیزم تێبینی کردووە سەرچاوە سەرەکییەکانی نووسیاری تیۆری باو لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، هەروەها پیادەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، ڕەنگدانەوەی بیری پیاوانەی نێرینەیە. بۆ نموونە، لە کاتێ تۆماس هۆبز لە وەسف کردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە قۆناغی سروشتکردا زۆر بە ڕوونی جەختی کردووە لەسەر کاریگەری سروشتی نێرینە لەسەر سیاسەت، بەڵام ریالیستە هاوچەرخەکان هیچ گرینگییەک بە ڕۆڵی جێندەر لەو پەیوەندییەدا نابینن، بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەو دەرەنجامە هەڵقوڵاوی ئەزموونی مرۆڤە بە گشتی (ئان، ٢٠١٠: ٣٧).**

**سێیەم: دووبارە داڕشتنەوەی چەمکە سەرەکییەکان: فیمینیستەکان داوای دووبارە پێداچوونەوە بە چەمکە سەرەکییەکانی جیهانی سیاسەت دەکەن، لەوانە چەمکی دەوڵەت و هێز و بەرژەوەندی و ئاسایش. هەروەها پرسیاری ئەوەیان دەکرد ئایا وێناندنی پیاوانەی ئەو چەمکانە کاریگەری هەبووە لەسەر ڕاپەڕاندنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان؟ ریالیزم، بۆ نموونە، زۆر گرینگیی داوە بە خەسڵەتی پیاوانەی سەروەری وڵات، پشتی بەستووە بە بیرۆکەی هەرەمی سەرکردایەتی و توانای وڵات بۆ**

ئەنجامدانی جەنگ و خواستی سامان و دەوڵەمەندی و ناوبانگ و هەروەها راپەراندنی کارە نێونەتەوەییەکان جیاوازلە کێشە ناوەخۆییەکانی ولات. شارەزا فیمینیستییەکان رەخنە لەوگریمانانەی سەرەوەی ریالیستەکان دەگرن: پەیوەندییەکانی هێز رەنگدانەوەی رەهەندی جێندەرە، وە کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی جەنگ و دیپلۆماسی هەیە. ئەو خوێندنەوانەی فیمینیستەکان رێگە خۆش دەکات بۆ کارکردن لەسەرکۆمەڵێک بابەتی گرینگیی دیکە لە جیهانی سیاسەت، لەوانە کێشە و بابەتە ئابووریی وکۆمەلایەتییەکان (کیگلی و بلانتۆن، ٢٠١٠-٢٠١١: ٥٣-٥٥).

چوارەم: لە خۆگرتنی روانگە مێینییەکان: هەرلە کۆنەوە، رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە زۆری پەراوێز خراوە. لە پێناو تێگەیشتن لەوەی چۆن پەیوەندییە نایەکسانییەکانی جێندەر بووەتە هۆی دوورخستنەوەی ئافرەت لە سیاسەتی دەرەوە، ئەنجامدانی ناعەدالەتی و ستەم، کە رەنگی داوەتەوە لە وێناکردنی بەرژەوەندیی و هەڵسوکەوتەکانی ولات. شیکردنەوەی کریستۆڤەرسیلڤیستەرلە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ هەڵسەنگاندنی کاری پێکەوەیی ئافرەت لە ولاتی زیمبابوێ و هەروەها چالاکی ئاشتیانە ئافرەت لە گرینهام، پابەندبوونی ئافرەتی بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەی تێگەیشتنێکی زۆرکراوەتربۆ چەمکی ئاسایش دەرخستووە، وە زۆردوورترڕۆیشتووە لە تێگەیشتنی کلاسیکیانەی دەوڵەت سەنتەری state-centric؛ چەقی گرتووە لە بیرۆکەی پاراستنی ولات لە هەرەشە دەرەکییەکان (کریستین، ٢٠٠٢: ٧٧).

## رێبازو روانگە جیاوازەکانی فیمینیزم

### یەکەم: فیمینیستە لیبراڵەکان

فیمینیستە لیبرالەکان زیاتر کاردەکەن لەسەر بابەتە پەیوەندداره‌کان بە یەکسانی و نوێنەرایەتیکردنی ئافرەت لە دەسەلات و بوارەکانی پەپلیکدا. ئەو فیمینیستانە کار لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری ئەزموونگەرانە دەکەن بۆ زانینی ئەو فاکتەی ئافرەت تا چەند ئامادەیە لە دەسەلات؟ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتی دەرەوە؟ ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتیمانی؟ وە ئەگەرئامادە نییە، بۆچی؟ ئایا تا چەند گرنگە ئامادەییان هەبێت؟ کاتێک ئامادەیی ئافرەت بوونی دەبێت، چ دەرهاوێشتەیەکی لەسەرباری ئافرەتان دەبێت؟ (ویتۆرز، ٢٠٠٤).

زۆربەی فیمینیستە لیبرالەکان کارلەسەرئەورێگایانە دەکەن تیایدا رۆڵی ئافرەت بە تەواوی لە دەسەلات و تەنانەت دامودەزگا نێونەتەوەییەکانیش پشتگوێخراوە. بۆ نموونە، لە مانگی ٦ ساڵی ٢٠٠٦ دا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگگرتووەکان، ئافرەت رێژەی ٪٦٠ خزمەتگوزارە گشتییەکان پێک دەهێنا، کەمتر

لە ٤٠٪ لە کاروپێگە پرۆفیشنالەکان، هەروەها ئافرەت تەنها ١٥٪ ڕێژەی ئەوانەی پێکدەهێنا لە ئاستی بەرزی نزیک بوون لە بڕیاردان لە ئەنجوومەنی ئاسایش (ویتۆرز، ٢٠١٣:١١٤).

## دووەم: فیمینیستە رادیکاڵەکان.

فیمینیستە ڕادیکاڵەکان تەواو بە پێچەوانەی روانگەی پێشووەوە، کەمتر جەختدەکەنە سەر ئایدیای یەکسانی، بەڵکوو جەخت دەکەنە سەر ئایدیای 'جیاوازییەوە'. بۆ فیمینیستە رادیکاڵەکان، پیاو و ئافرەت بە سروشت زۆرلەیەکتر جیاوازن، جا ئەم جیاوازییە دەرەنجامی لایەنی بایەلۆجی یا کۆمەڵایەتی بێت، فیمینیستە رادیکالەکان لەسەرئەوە کۆکن پیاولە کاری گرووپدا توانای کەمترە وئارەزووی هەست وسۆزیان زیاترە، وە زیاتر توندوتیژو شەرانگێزو ئارەزووی رکابەریان هەیە. لەبەرامبەردا، ئافرەت وەکو گرووپ زیاتر کۆگیر و یەکگیر و دڵکراوەن. ئەو روانگەیە هەوڵی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدات، ئەگەر ئافرەت ئامادەییان نەبووە لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، یا لە مەیدانی جەنگدا، ئەی ئەوان لە کوێ بوونە؟ لەراستیدا، ئەگەر ئافرەت لەو شوێنانەی سەرەوە نەبووبن، بێگوومان لە نەخۆشخانەکان، لە پرۆسەکانی بنیاتنانی ئاشتی، لە کارگەکان، لە نەخۆشخانەکان بوونە (ستیانس، ٢٠٠٦:٤٣).
یەکێک لە فیمینیستە دیارەکانی ئەوروانگەیە بریتییە لە سێنتیا ئینلۆی (١٩٨٩:٣)، ئینلۆی پێیوایە لە کاتی جەنگەکاندا هەندێک ئافرەت (دایکەکان، خێزانەکان، کچەکان، هاوڕێ کچەکان و هاوشێوەکانی دیکە) پارێزراوبوون، بەڵام چین و پلەکانی وەکو نا ئەمەریکاییەکان، کەمە نەتەوەییەکان، لەشفرۆشەکان، دانیشتووی کامپەکان زۆر بە خراپی بەکارهێنرا بوون. سەبارەت بە پرسی نوێنەرایەتیکردن، فیمینیستە رادیکالەکان باوەڕیان وایە ئافرەت دەتوانێت بۆچوون و روانگەی جیاوازی هەبێت دەربارەی سیاسەت، یەکێک لەو روانگە جیاوازانەی ئافرەت زۆر ئاماژەی پێدەدەن بریتییە لە مەیلی زیاتری ئافرەت بۆ پێکەوەکارکردن و مەیلی ئاشتیخوازانە.

## سێیەم: فیمینیستە پۆست-مۆدێرنیستەکان یا فیمینیستە رەخنەگرەکان.

فیمینیستە پۆست-مۆددێرنیستەکان دەچنە خانەی تیۆری رەخنەگرانەوە، هەوڵی شیکردنەوەی گریمانە باوەکانی سەبارەت بە پیاو و ئافرەت دەدەن، ئەوەی پێویستە بۆ ئەوەی بی بە پیاو یا بی بە ئافرەت، یا چی شتێک بەڕاستی هەڵسوکەوتێکی نێرینە یاخو مێینەییە، رۆڵێکی گونجاو دروستی ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگادا، لە نێوان کاردا، لە نیوان خێزاندا، هتد.... . فیمینیستە پۆست-مۆدێرنیستەکان و یاخود فیمینیستە رەخنەگرەکان باوەڕیان وایە هەموو چەمک و نۆرمە باوەکان وابەستە و گرێدراوی

پیاوەتی و مێینەییە و دەبێت دووبارە هەڵبسەنگێندرێتەوە (چارلۆت، ٢٠٠١). ئەورەخنانە بۆ ئەوە نییە بە تەنها بگوترێت تەنها لایەنی مێیینە بووەتە قوربانی، بەڵکوو بەشێکی ئەو نۆرمە باوانە بووەتە سنووردارکردنی خودی رەگەزی نێرینە.

## جەنگ و جێندەر

شارەزاکانی روانگە فیمینیستییەکان رەخنەی زۆریان لە رێبازە 'نێرینییەکان' دەگرت، پێیان وابوو ئە تیۆرانە لە بنەڕەتدا مەبەست لێی دووپات کردنەوەی هێزو سیاسەتی هاوسەنگی هێزودیپلۆماسیەتی خۆ سەپێنەر و تاکلایەنانە و بەکارهێنانی هێزە. لەم ڕوانگەیەوە، پیادەی ئاسایش وەکو شەڕ و یاری سەرشەقامی منداڵان دەردەکەوێت، تیایدا بە هێزئەوە دەکات کە دەیەوێ ولاوازیش ئەوە دەکات دەبێت بیکات، وە ئەوە دەناڵێنیت کە دەبێت بیناڵێنیت. بەو شێوەیە، پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن و بەکارهێنانی هێزلە جەنگدا دروستکراوێکی پیاوانەیە. یەکێک لە بەراییترین فیمینیستەکان کە هەوڵی شیکردنەوەی جەنگی لە روانگە کلاسیکی و هاوچەرخییەکان داوە (جین بێلتک ئیلیشتاین)ە لە کتێبی *ئافرەت وجەنگ* لە ساڵی ١٩٨٧. سەرەتای کاری جین بێلتک کارکردن بوو لەسەرتێڕوانینی جۆرج هیگل، جۆرج هیگل پێیوایە پیاوی رۆژئاوایی بەتەواوی گونجاون بۆپلان و جێبەجێ کردنی جەنگ. لەبەرامبەردا ئافرەت وەکو بوونەوەرێکی نەرم و لاواز دەردەکەوێت، ئەرکی بە تەنها کوورت کراوەتەوە لە گێڕانەوەی چیرۆکی جەنگاوەرە پیاوەکان. جۆرج هیگل گەیشتبووە ئەو دەرەنجامە دوای لێکدانەوە و روانگەی مێژوویانە بۆ سروشتی جەنگ هەر لە یۆنانی کۆنەوە. کارێکی گرینگیی دیکە دەربارەی ئافرەت و جەنگ زۆر بە وردی جەختی کردۆتە سەر رەهەندە ئەزموونگەرانەکان بریتییە لە (جۆشاو گۆلدستین) لە کتێبی *جەنگ و جێندەر* لە ساڵی ٢٠٠١دا. سەرەڕای جیاوازییە کلتوری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، گۆلدستین پێیوایە رۆڵی جێندەرلە جەنگدا بە بێپچران بوونی هەبووە لە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا. لەگەڵ ئەوەی جەنگ فرەرەهەند و فرەلایەنە، بەڵام کاتێک دێتە سەر بابەتی چوونە جەنگ و کۆکردنەوەی سەربازەکانی جەنگ، جەنگ دەبێتە یەکلایەنە: ئەویش لایەنی پیاو و جەنگە.

کینیتا ئینلۆی باسی کۆمەڵێک رێگای جۆراوجۆری کردووە کە لایەنی سەربازی و چەکدارییەکان پێویستیان بە ئامادەیی ئافرەتانەوە هەبوو، رەنگە هەرگیز ئەو رۆڵانە بە گرینگەوە باسنەکرابن. ئینلۆی دەڵێ: "بە هەزارەها ئافرەت خێزانی جەنگاوەرکان بوونە، جلوبەرگ شۆر، دابینکەرو ئێشکگریان بوونە. هەندێک کات ئەو خزمەت و رۆڵانەیان یەکسەرە بە جێگەیاندووە" (١٩٨٣:٣).

**بابەتێکی گرینگی دیکەی نێوان جێندەر و ملمانێی چەکداری پەیوەندیی بە بابەتی دەستدرێژی سێکسییەوە هەیە، هەمیشە رەگەزی مێ بووەتە قوربانی بەزۆرکردنیان بە لەشفرۆش وتاوانی دیکەی تایبەت بە دەستدرێژییەوە. ئافرەتە بەندکراو و دەستبەسەرکراوەکان رووبەڕووی ئەو نامۆبوونە دەبنەوە ناتوانن باوەڕ بە کۆمەڵگا بهێنن لە ماوەی دەستەبەسەرکردنیاندا رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی نەبوونەتەوە، وەکو لە کەیسی (جێسیکا لینچ) دەردەکەوێت کاتێک دەستەبەسەرکرا لە لایەن سووپای عێراقییەوە چەند رۆژێک دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ۲۰۰۳دا (پین-فات و ستێرن، ۲۰۰۵: ۲۵)[1]. لە کاتێکدا، پیاوە بەندکراوەکان رووبەڕووی پرسیار و گومانی ئەوە نابنەوە ئاخۆ رووبەڕووی دەستڕێژی سێکسی بوونەتەوە یا نا. لە راستیدا، ئەوە پێویستی بۆ دووبارە پێداچوونەوەی چەمکەکان هەیە کە فیمینیستە پۆستمۆدێرنەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. بەوشێوەیە ئافرەت و پیاو هەردوو لایەن دەبنە قوربانی جەنگ. بۆ نموونە، رووداوە ئابڕووبەرەکەی گرتووخانەی ئەبو غرەیب لە عێراق، کاتێک بەندکراوە پیاوەکان رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە لەلایەن سەربازە ئافرەتە ئەمریکییەکان، بۆ نیشاندانی بێهێزی پیاوی عێراق و لەدەستدانی 'پیاوەتییان'، لەبەرامبەردا پیشاندانی هێز و بازوی ئەمریکا (سچۆبەرگ، ۲۰۰۷: ۸۵).**

**ئافرەت، بەهەمانشێوە بووەتە قوربانی کاریگەرییە ئابوورییەکانی جەنگ هەمیشە لە دوای جەنگ بێکاری و نەهامەتی و گرانی بەدوای خۆیەوە دێنێت. ئافرەتانیش رووبەڕووی زۆرترین نەهامەتی دەبنەوە. جگە لە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی ئابووری، کووشتن، دەستدرێژی و دوورخستنەوە، ئافرەتان لە دوای جەنگدا زۆر بە زەحمەت دەستیان دەگات بە تەندروستیەکی باش و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکو ئاسانکارییەکانی خوێندن (ئەنجومەنی ئاسایش، ئافرەتان، ئاشتی، و ئاسایش، ۲۰۰۲: ۳).**

---

[1] جێسیکا لینچ کچێکی سەربازی سپی پێستی ئەمریکی بوو لە جەنگی عێراقدا لە ۲۰۰۳، دوای چەند رۆژێک دەستگیرکرا، لەوکاتەدا میدیای ئەمریکی خەریکی وێناکردنی جێسیکا بوو وەکو رەمزی سەرکەوتن، رەمزی قارەمانی و پاڵەوانیەتی، ئازادکردنی جێسێکا بوو بە ئەولەویەتی کاری سووپای ئەمریکی لە عێراقدا، کاتێک جێسێکا رزگاردەکرێت، ئاماژە بەوە دەدات رووبەرووی هیچ دەستدرێژی و سووکاتییەک نەبۆتەوە لەلایەن سەربازانی عێراقییەوە، زیاتر لەوە جێسیکا ئاماژەی بەوەی کرد ئەو لە دەرەنجامی شەردا دەستگیرنەکراوە بەڵکو شوێنی خۆی بزرکردووە، ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی چیرۆکە قارەمانیەتیەکەی جێسیکا بوو کە میدیاکانی ئەمریکی درووستیان کردبوو. لە هەمووی سەیرتر، چیرۆکی جێسیکا هاوکات بوو لەگەڵ چیرۆکی سەربازێکی رەشپێستی ئەمریکی لەهەمان رۆژدا لە رووبەرووبوونەیەکی سەخت لەگەڵ سەربازانی عێراق گیانی لە دەستدابوو، بەڵکو میدیای ئەمریکی پشتگوێیخست (پین-فات و ستێرن، ۲۰۰۵: ۲۵).

## دەرەنجام

فیمینیزم لەگەڵ ئەوەی فرەرەهەند و فرەلایەنە، بەڵام جۆرێک لە یەکگیری لە نێوان روانگە جیاوازەکانیدا هەیە. فیمینیزم میتۆدێکە دەچێتە خانەی تیۆری رەخنەگرانەوە، وەکو میتۆدێک هەوڵی لێکۆڵینەوەی جیهانی سیاسەت دەدات. زیاتر وەکو رێباز و ئامرازێکی شیکردنەوە دەردەکەوێت. بنەما هزرییە سەرەکییەکانی فیمینیزم زۆرن، بەڵام هەموویان یەک شت بلاودەکەنەوە ئەویش کاریگەری رەهەندی جێندەرە لەسەر جیهانی سیاسەت، لەسەر چۆنیەتی کارکردنی جیهانی سیاسەت چۆن لە پەیوەندیی بە بابەتەکانی جەنگ و دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە. هێشتا زۆر رۆشن نییە دەتوانن چ کۆمەکێک بە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش ببەخشن، بەڵام پێموایە کارێکی گەورە دەکەن.